ئەی ڕۆژلە، من گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: خراپترینی نێو شوانەکان ئەوانەن کە توندوتیژ وستەمکارن، ئاگادار بە لەوانە نەبیت

لە عائیزی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سەردانی عبید اللەی کوڕی زیادم کرد، وئەویش (عائیز) ووتی: ئەی ڕۆژلە، من گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خراپترینی نێو شوانەکان ئەوانەن کە توندوتیژ وستەمکارن»، ئاگادار بە لەوانە نەبیت، ئەویش (عبید الله) ووتی: دانیشە، چونکە لە پاشماوەی هاوەڵانی موحەمەدی -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش (عائیز) ووتی: «ئایا هاوەڵان پاشماوەیان هەبووە؟ بەڕاستی پاشماوە وخڵتە لە دوای ئەوان ولە خەڵکی تردا هەیە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عائیزی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- سەردانی پێشەوای (ئەمیری) عێراقی کرد بە ناوی عبید اللەی کوڕی زیاد کە لە پاش باوکی بوو بە ئەمیر، (عائیز) پێی ووت: من گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: (خراپترینی نێو شوانەکان ئەوانەن کە توندوتیژ وستەمکارن)؛ واتا لە کاتی شوانێتی کردن لەسەر مەڕوماڵات و وشتر وئاژەڵەکانی تر بە تووندی دەیانهێنن ودەیانبەن ولێیان دەدەن وپاڵیان پێوە دەنێن، وئەمیش نمونە هێنانەوەیەکە بۆ پێشەوای خراپەکار کە ستەم لە خەڵکی دەکات ونەرم ونیان و بە ڕەحم نییە بەرامبەریان، وکاتێک دەڵێت: (ئاگادار بە لەوانە نەبیت) ئەمە ئامۆژگارییەکە لە عائیزەوە بۆ ئیبن زیاد. وئیبن زیاد دەستبەجێ وەڵامی دایەوە وپێی ووت: (تۆ پاشماوەی هاوەڵانی موحەمەدی -صلى الله عليه وسلم-) واتا تۆ لە باشترین وزاناترینی نێو هاوەڵان نیت بەڵکو تۆ لە پلەی خوارەوەی هاوەڵانیت، وشەی پاشماوەی بۆ ئەوە بەکارهێنا بۆئەوەی پێی بڵێ تۆ لە باشترینەکانی نێو هاوەڵان نیت وگرنگیەکی ئەوتۆت نییە بۆ ئەوەی گوێت بۆ بگیرێت، بەڵام هاوەڵی بەڕێز عائیز -ڕەزای خوای لێبێت- وەڵامی دایەوە و ووتی: (ئایا هاوەڵان پاشماوەیان هەبووە؟ بەڕاستی پاشماوە وخڵتە لە دوای ئەوان ولە خەڵکی تردا هەیە)؛ ئەم وتەیەش لە نیشانەی ڕەوانبێژی وقسەزانی وڕاستگۆییە، وهاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- هەموویان لە باشترین مرۆڤەکانن لە پاش پێغەمبەران ولە گەورەکانی ئەم ئومەتەن، وباشترن لەو کەسانەی لە پاش ئەوانەوە هاتن ودێن، وهەموویان نمونەی چاکن، ئەوانە بێنرخن وپاشماوەن کە لە پاش ئەوانەوە هاتن و وبستیان بە وبستی خۆیان بیدعە وبیروباوەڕی پوچەڵ بخەنە نێو ئاینی ئیسلامەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3532

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee